# له دوای هەڵبژاردن له بەغدا چ بەڕێوەیه....؟!

ئەحمەد ئەنوەر
ahmedenwer@yahoo.com

گرنگی هەڵبژاردنه پەرلەمانیەکەی 15ی مانگ، هەرتەنیا ئەوە نییه که زۆربەی ئێراقییەکان بەشداریان تێدا کرد و پەرلەمانێکی هەمیشەیی بۆ چوار ساڵ هەڵدەبژێرن، بەڵکو گرنگیەکەی لەوەش دایه که ئەم هەڵبژاردنه بەدوای پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی وڵاتدا هات. بە پێی لێکدانەوەی لایەنه سیاسیەکانی ئێراق، دەستووری ئەرێ کراو دەسکەوتێکی مێژووییه بۆ گەلانی ئێراق، بۆ بونیادنانی دەوڵەتی قانوون، بۆ گەرەنتیکردنی مافی هاووڵاتیبوون و ئازادییه کەسی و گشتییەکان. هەر لەبەشی یەکەمی دەستوور له پرەنسیپه سەرەکییەکان و له ماددەی "6"دا هاتووە: دەبێ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات به شێوازێکی ئاشتیانه و له ڕێگای میکانیزمی دیموکراتییەوە بێ. هەڵبژاردنەکەی 15ی مانگ دوای ئەرێ کردنی دەستور له زۆر لایەنەوە دەکرێ وەکو هەنگاوی یەکەمی ئەو ئێراقه نوێیه هەڵبسەنگێنرێ و روون دەبێتەوە که هێزە سیاسیەکانی ئەو وڵاته چەندە بڕوایان به پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕێزگرتن له ئیرادەی دەنگدەران هەیه. ڕاسته 70٪ دەنگدەران له پرۆسەکەدا بەشداریان کرد، وەلێ خودی بەڕێوەبردنی پرۆسەکه و ڕاگەیاندنی ئەنجامه بەراییەکان ئاماژە به سەرەتایەکی ترسناك دەکەن. هێزە دەسەڵاتدارەکان که خۆیان به دیموکراتخواز و ڕۆڵەی گەل و نیشتمانپەروەر دەزانن و، سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعس به سەردەمێکی تاریك له مێژووی ئێراق وەسف دەکەن، کەچی خۆشیان لەسەر هەمان ئەقڵیەتی پاوانکردنی دەسەڵات کار دەکەن و هەر له ئێستاوە بۆ نەهێشتنی دەنگه جیاوازەکان بەخۆ کەوتوون و ڕێگەی جۆراوجۆر دەگرنه بەر!

لیستی هاوپەیمانی شیعه، لەگەڵ ئەوەی له سەرێك زۆرینەی خەڵکی ئەم وڵاته شیعەن و دەنگ بۆ ئەو لیسته دەدەن، له سەرێکی دیکەش له 30ی مانگی ڕابردوو له بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشی شێریان هەبووە، کەچی به پێی لێدوانی لیستی "جبهه التوافق" و لیستی ئەیاد عەلاوی به لێشاو له بەغدا و ناوەڕاست و باشووری ئێراق تەزویری کردووە.

بێگومان لایەنەکانی دیکەش له سوننه و کورد هەریەکه به پێی دەرفەت و توانستی خۆی دەسته گوڵی لێداوە! هەموو ئەو خروقاتانه بەسەریەکەوە دەربڕی ڕاستییەکن، ئەویش ئەوەیه که پرۆسەی دیموکراسی لەم وڵاته له هەنگاوی یەکەمدا سەروگێلاکی شکێنراوە و هیچ یەکێك لەو هێزانه ئامادە نین ڕێز له خواست و ئیرادەی دەنگدەران بگرن.

به پێی ئاژانسەکانی هەواڵ پێش ڕاگەیاندنی ئەنجامه بەراییەکان، لیستی هاوپەیمانی شیعه و لیستی "جبهه التوافق"ی سوننەکان به سەرۆکایەتی د. عەدنان ئەلدلیمی له نێوان دانوستاندا بوون بۆ ئەوەی پێکەوە حکومەت ساز بکەن، بەڵام ڕاگەیاندنی ئەنجام بەراییەکانی که "جبهه التوافق" پێی ڕازی نییه ئەو هەوڵەی له بەین برد. لەم نێوەدا لیستی هاوپەیمانی کوردستان له باشترین حاڵدا "50 – 55" بەدەست دێنێ له کۆی 275 کورسی که ئەمەش ناگاته 1/5 کورسیەکانی ئەنجومەنی نوێنەران.

ئەگەر هەڵوێستی هێزە سیاسیەکان له ئاست هەڵبژاردن بەمجۆرە بێت، ڕازی نەبوون به ئەنجامی ڕاستەقینەی دەنگدەران و هانابردن بۆ ساختەکاری و تەزویر، خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنێکی ئاشکرای دەستووری وڵاته، هاوپەیمانی کوردستانیش ئەو بڕە کورسیەی هەبێت، ئەوا چارەنووسی کورد له بەغدا چی دەبێت و چ خێرێك له بەغداوە بۆ کوردستان دێت؟!

سەرکردایەتی کورد که ئومێدێکی زۆری به ئێراقی دیموکرات و فیدراڵه و بۆ ئەو مەبەستەش له زۆر بواردا هەرێمی کوردستانی به قوربانی بەغدا کردووە و، ئەوەندەی به بەغدا خەریك بووە، نیو ئەوەندە به هەولێر و سلێمانی خەریك نەبووە، دوای ئەو هەڵبژاردنه و ئاشکرابوونی ئەنجام بەراییەکان ئایا لەسەر هەمان ئاراسته و ڕێچکه بەردەوام دەبێت، یان خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ڕەوشەکه دەکات و بڕیاری دیکه وەردەگرێت؟! ئەوە پرسیارێکه و وەڵامەکەشی لای ئەوانه.

ئەوەی که بۆ خەڵکی کوردستان گرنگه، ئەو بەغدایەی که له 15/12 هەڵبژاردنێکی تێدا بەڕێوە چوو و هەر له ئێستاوە سوننه و شیعه ددانیان له یەك دەسوون، ئەو بەغدایه نییه که ڕاگەیاندنی هەردوو حزب باسی دەکەن. ئەوەی گرنگه ئەوەیه که چیتر چاوەڕێی بەغدا نەکەین و هەر پاشکۆی ئەوان نەبین، وەکو له هەڵبژاردنەکەی 30/1/2005دا ڕوویدا. چونکه دوای هەڵبژاردن، تاوەکو پەرلەمان له بەغدا کۆ نەبۆوە و سەرۆك کۆمار هەڵنەبژێردرا و حکومەت ساز نەکرا، پەرلەمانی کوردستان تاکه کۆبوونەوەیەکی نەکرد! ئەوە چەند مانگێکه خەڵکی کوردستان تا بڵێی له کار و ئەدائی ئیدارەی سلێمانی و هەولێر پەست بووە و ناڕازییه. سەرکردایەتی هەردوو حزبیش به تایبەتی سەرۆکی هەرێم بەڕێز مەسعود بارزانی پێش هەڵبژاردن له چەندین بۆنەدا بەڵێنی ئەوەیدا که له دوای هەڵبژاردن هەموو هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکه و نەهێشتنی گەندەڵی و بونیادنانی دامودەزگای قانوونی خەرج دەکەن. خەڵکی کوردستان ڕەنگه تاقه ئومێدی ئەوەبێ که دوای هەڵبژاردن گۆڕانێك له ژیانی سیاسی و ئیداری هەرێمەکەیدا ڕوو بدات و به لایەنی چاکسازی و بەخۆداچوونەوە ئاراسته بگرێ. بەڵام ئەگەر دووبارە چاوەڕێ بین تاوەکو له بەغدا حکومەت ساز دەکرێت ـ ڕەنگه ئەمەش ماوەیەکی زۆری بوێت ـ ئینجا دوای ئەوە خەریکی کوردستان بن و بەرژەوەندی حزبی زاڵ

بێ بەسەر بەرژەوەندی گشتی و رەوشی دوو ئیدارەیی و گەندەڵی بەردەوام بێت. ئەو برە هیوا و ئومێدەش دەپۆکێتەوە و، رەوشێکی نالەبار لە کوردستان دێتە کایەوە، جا ئەگەر ئەو هەرەشە و تەحدایانەش ببینین کە لە بەغداوە هێزە قەومی و ئایینیە توندرەوەکان دروستی دەکەن و بڕوایان بە کەمترین مافەکانی کورد نییە، ئەو کاتە راستینەی ئەو حاڵەتە خراپەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئێستا قسەیە و رەنگە لە چەند مانگی داهاتوو بە عەمەلی رووبەڕووی ببینەوە، ئەمەش ئەو تاقیکردنەوە سەختەیە کە سەرکردایەتی کورد چەندە دەتوانێ لێی دەرباز بێت؟ سەرکەوتنی راستەقینە ئەوەیە بە زووترین کات ئیدارە یەك بخرێتەوە، گەندەڵی بنەبڕ بکرێت و خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیانی کوردستان بکرێت و کۆتایی بە تەزکیەی حزبی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بهێنرێ و، بە قسە و کردار حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی هەموو خەڵك بێت، نەك تەنیا حکومەتی یەکێتی و پارتی بێت، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین راستەڕێمان گرتووە و دەگەینە کەناری ئارام.